بە بێ توانج !!

کوردستانی نوێ

ساڵی چواردەهەم-ژمارە (٣٧٧١) هەینی ٢٠٠٥/٩/٩

No: 3771 Friday 9/9/2005

لێپرسراوی مەڵبەندی ١١ی گەرمیان:

کێشەی کارەبا چارەسەرکراوەو پرۆژەی ئاوی کەلاریش لەجێبەجێکردندایە

کەلار- کاروان یاروەیس

دوای ئەو خۆپیشاندانەی کەرۆژی (٩/٧) لەکەلار لەلایەن چەند کەسێکی نامەسئولەوە ئاراستەی مەدەنیانەی گۆڕا بۆ چوونە سەر دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێم و شوێنە خزمەتگوزارییەکان و بەتاڵانبردنی کەرەستەو کەلوپەلەکانیان، دواتریش ئاساییکردنەوەی دۆخەکە لەلایەن مەڵبەندی ١١ی ڕێکخستنی گەرمیان و چەند لایەنێکی تر، هەڤاڵ ئاواتی شێخ جناب لێپرسراوی مەڵبەند کەراستەوخۆ چووە نێو خۆپیشاندەرانەوە بۆئەوەی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات، لەلێدوانێکیدا بۆ **کوردستانی نوێ** ڕۆشنایی خستەسەر چەند لایەنێکی خۆپیشاندانەکەو گوتی: خۆپیشاندەران سێ داواکارییان هەبووەو ئێمەش پشتگیریی دەکەین و دەنگمان لەپاڵ دەنگیانە، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە جێگەی نیگەرانیی و سەرنجە ئەو گەنجانەی کە بۆژمارەیەکی کەم دەستیانکردبوو بەم خۆپیشاندانە هاتبوون نیەتی خێریان هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئاگادارنەبوون کەچەند ڕۆژێک پێش ئەوە کەسیستمی کارەبا تێکچووبوو ئێمە لەگەڵ جەنابی قایمقامی کەلارو پارێزگاری کەرکوک (گەرمیان) بەیەکەوە هاوئاهەنگیمان هەبوو بۆئەوەی هەوڵبدەین چارەسەری بکەین و کێشەکە چارەسەرکرا دوای ئەوەی کەلیژنەیەکی دەزگای کارەبای هەرێم بەسەرۆکایەتی شەونم خان هاتنە کەلارو دەربەندێخان کۆبوونەوەیان کردو کارەبا سێ ڕۆژ پێش خۆپیشاندانەکە باش ببوو.

گوتیشی: ئەو گەنجانە بۆ چارەسەرکردنی کارەباو ئاوی گەرمیان هاتنەبەردەم قایمقامیەتی کەلارو بەبێ ئاگاداریی ئەوان دەستێکی ڕەشی شەڕەخۆرو تاڵانچی لەپشتی ئەو گەنجە خوێن گەرمانەوە کوتنە بەردبارانکردنی قایمقامیەت و ڕێپێوانەکە لەژێر کۆنترۆڵی سەرپەرشتیارانیدا نەماو کوتە دەستی هەندێک لایەنی قین لەدڵ بەرامبەر بەئاسایشی ئەم ناوچەیەو ڕێپێوانەکەیان لەئاقارێکی شارستانیانەوە گۆڕی بۆ تاڵانکردنی پەروەردەو ئاگرکوژێنەوەو پۆلیس و سەندیکای کرێکاران و زەرەرێکی زۆریاندا و بریندارکردنی هاوڵاتیان و پۆلیسی لێکەوتەوە.

لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان جەختی لەسەرئەوە کردەوە لەنێو خۆپیشاندەراندا ئاژاوەگێڕو تەقەکەرو تاڵانچیان تێدابووەو هەندێکیان پێشینەی تاوانی یاساییان هەیە، ئەو گەنجانەش ئاگادارنەبوون کەکێشەی کارەبا چارەسەرکراوەو پرۆژەی ئاوی کەلار دەستکراوە بەجێبەجێکردنی.

لێپرسراوی مەڵبەندی گەرمیان ڕونیشیکردەوە کەسیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی نەرمونیانەیە بەرامبەر بەگەنجان و لەم بارەیشەوە گوتی: ئەم سیاسەتەش لەخۆپیشاندانەکەدا دەردەکەوێت بەتاشکراو ژمارەی بریندارەکانی خۆپیشاندانەکەش چوارکەسیان لەخۆپیشاندەران و ئەوانی تر پۆلیس و هێزەکانی ناوخۆو هاوڵاتیان و لەنێو پۆلیسەکاندا هەیە کەبەفیشەک بریندارکراوەو بەشێک لەخۆپیشاندەران بەدەمانچەو چەقۆ ڕووبەڕووی ئاسایش و پۆلیس بوونەتەوە کەئەمەش بەبەڵگە هەیەو وێنەگیراوەو لەتەلەفزیۆن بڵاوکراوەتەوە.

هەروەک گوتیشی: ئێمە ڕێز لەئیرادەی خەڵک دەگرین و پشتگیریی لەخۆپیشاندانی هێمنانەو سەردەمیانە دەکەین و لەوەپێش چەندین خۆپیشاندانی تر کراوە کەئەنجامی باشی هەبووەو چارەسەری بەدواوەبووەو پشتگیریی خەباتی مەدەنیانە دەکەین و سەد خۆپیشاندانی تریکرێت وەک ی.ن.ک و حکومەتی هەرێم دیفاعی لێدەکەین.

شایانی باسە هەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە لەسەرەتاوە بەڕێوەبەری ئاسایشی هەرێم دەستبەجێ گەیشتە ناوچەکەو بەشداریی هێمنکردنەوەی بارودۆخەکەی کرد.